## هاوڕێ حمیدی تەقوائی لیدەری حیزب

## هاوڕییانی ڕابەریو کادرانی حیزب!

بوحرانیك كە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیرانی داگرتوە، هیزی ئەم بزووتنەوەیەی لە عیراقو ئیراندا تا ئەوپەری رادە نیگەران كردوە، ئەو فەزاو وەزعیەتەی پیكهاتووە پرۆسەی هەلوەشانەوەو داروخاندنی حیزبی منصور حكمتە. هەر دەلیی مەبەست ئەوەیە كە پیشبینیەكانی دوژمنانی پوچو قین لە دلی ئیمە نمایش بكریت. ئیختلافی سیاسی بەجیگای خۆی، بەلام ئەمە سیناریۆو كەمپینیكە بۆ وردوخاش كردنی شەخصیەتی حیزبو رابەرانو تەنانەت خودی منصوری حكمت.

بەلگەو پاساوەكانی هەرچی بیت، بەراستی نەریتیكی زۆر بیگانە بە سوننەتی منصور حكمت بەریوە براوە، من ئومیدكم ئەوەبوو كە لە هەموو لایەكەوە پیشوازی بكریت لە پیشنیاری دروستو مسئولانەی مستەفا سابیرو رەحمان حسین زادە، بەلام وەلامی مەنفیو پیداگری توندی هاورێ حمیدی تقوایی لەسەر ئیدامەدان بەم وەزعە، منی دوچاری رامانو نیگەرانیەكی گەورە كردەوە. ئاخر مەبەست چیە؟ باسو ئیختلافی سیاسیو كیشەی "گرایشات" بەم جۆرە یەكلادەبیتەوە؟ نادر بەم جۆرە مامەلەی ئەم مەسەلانەی كرد؟ ئایا بەراستی جگە لە دوژمنانی منصور حكمت هیچ كەسیكی دیكە سودو خۆشی دەبینی لەم وەزعەی سازكراوە؟

هاوریانی رابەریو كادرانی حیزب! داواتان لی دەكەم بە گیانی هەست بە مسئولیەتەوە چاویك لە وەزعەكە بكەن، باوەركەن ئەمە سەربرینی پرۆژەی منصور حكمتە! باوەركەن ئەم وەزعەی دروست كراوە گەورەترین بێ تعهدیە بۆ منصور حكمتو وەصیەتەكانی، باوەركەن بەرهەمی رەنجی چارەكە سەدەیەكی منصور حكمتو جیلیكی فراوان لە تیكۆشەرانی كۆمۆنیستو فیداكار دەدەن بەدەم ئاوەوە، باوەركەن ئەو جەماوەرە بەرینەی كە چاوی ئومیدی بریوەتە منصور حكمتو حیزبەكەی دوچاری نائومیدیو پەشیمانیو هەلگەرانەوە لە كۆمۆنیزمو منصور حكمت دەبیت، باوەركەن كارەساتی سیاسی روودەداتو ئیوە مسئولن بەرامبەر ئەم كارەساتەدا.

ئەمە خەتایەكی گەورەیە بەرامبەر كۆمۆنیزمی كریكاری ئەنجام دەدریت، هیچ پاساویكی نیە، وەرن فریاكەون ئەم حیزبو بزووتنەوەیە لە كارەسات نەجات بدەن، ئەم كارە بە ئیوە دەكریت. لەم پیناوەدا هەر بەپێی پیشنیاری مستەفاو رحمان ئەم باسانە رابگرن، ئەم فەزایە تەواو بكەن، ئەم ئەسنادو بەلگەنامانەی كە بەشیوەیەكی بێ وینە بلاوتان كردوەتەوە، كۆی بكەنەوە، ئەم كەمپینی یەكتر شكاندنە رابگرن، فەزایەكی سالمی سیاسی بخولقینن كە تیایدا حیزبی منصور حكمت یەكپارچە بمینێو كاری خۆی بكات، لە هەمانكاتدا بە شیوەی دروستی سیاسیو متمدنانە، بە رەوشتی بەرزی منصور حكمت بوار بكریتەوە بۆ بردنەپیشەوەی باسە سیاسیەكان، كە بەم جۆرە دەتوانێ كۆمەك بكات بە پوختەیی سیاسی زیاتری حیزب. من بانگەوازی هەموو رابەریو كادرانی حیزب دەكەم لە پشتی ئەمە راوەستنو بۆ نەجاتدانی حیزبو هەموومان لەم خەتەرە بە گیانیكی مسئولانەوە دەوری خۆیان بگیرن.

هاورێ حمیدی ئازیز! راستیەكەی نامەی ئیوە كە پیشنیارەكەی مستەفاو رەحمانی رەتكردەوە، نیگەرانی منی بەوپەر گەیاند، بەلام نامەی چوارەمت خەریكە بە جاریك هەموو ئومیدكم دەبریت. ئەم پیداگریە چیە لەسەر دریژەدان بەم وەزعە؟ ئەگەر مەبەستت دەرپەراندنی نەزراتە، كوا نەزەرو بۆچون بە بریارو لە پلنیۆمدا دەردەپەریندریت؟ كەی لە سوننەتی ئیمەدا كراوە نەزەرو بۆچونی ئەفراد بخریتە بەردەم دەنگدان؟ یەكیك لە دەسكەوتەكانی كۆمۆنیزمی منصور حكمت وەلانانی ئەم سوننەتە بوو. نەزراتو بۆچون دەبێ بە باسو جدلی فكریو سیاسی وەلام بدرینەوە، بۆ ئەمەش دەبێ فەزایەكی سالمی سیاسی پیكبیتو بە شیوەی ئازادانەو متمدنانەو بە میكانیزمی گونجاوی خۆی جدلی بۆ بكریت. ئەمە رەوشتی منصور حكمت بوو دەبێ ئیمەش هەروا بكەین.

هاورێ حمید! بوونی نەزراتی "راست" لە حیزبدا، دوای كۆنگرە بە نامەی خۆتو پاشان بە نامەی هاوبەشی دفتەر سیاسیو خۆت كە بە تیكرای دەنگ لەلایەن پلنیۆمی 20ەوە پەسەندكرا، بە بۆچونیكی ناواقعیو پوچ لیكدرایەوە، ئیستاش ناكرێ ببیتە بنەمای لیكترازاندنو هەلوەشانی حیزب. ئەگەر وەكو خۆت دەلیی وەحدەتو یەكپارچەیی حیزب مەبەست بیت، باوەركە بەم شیوازو حوكمانە ئەو وەحدەتو یەكپارچەییە مجالیكی بۆ نامینیتەوە. باوەركە حیزب بەم جۆرە لەم پرۆسەیە بەهیزو خاراو نایەتە دەرەوە. چەند مانگ لەمەوبەریش هەر ئەمەم لەگەلت باس كردو دواتریش بۆ خۆتو هاورێ كورشو پاشان بۆ خۆتو دەفتەری سیاسی هەر لەم بارەیەوە نامەم نوسی. ئەمرۆ بەداخەوە خەریكە ئەو پیشبینیانە دینەدی.

هاورێ حمید! حیزب لە لیواری مەترسی جدی راوەستاوە، ئیوە وەكو لیدەری حیزب مسئولن لەوەی چارەنوسی ئەم حیزبە بۆ كوێ دەبەن، دەورو تصمیمی تۆ كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر وەحدەتی حیزب، سەرنجت بۆ ئەوە رادەكیشم كە بە تصمیماتی نامەی رۆژی 2ی اوتو نامەی دەبیری ژمارە 4دا بچیتەوەو لە پیناو پاراستنی حیزبو یەكپارچەیی ریزەكانیدا، ئەم فەزایە بشكینیتو پشتیوانی لەو پیشنیارانە بكەیت كە لە پیشەوە باسم كرد.

ریبوار احمد 5-8-2004